# هەرکەسێ هاتوو وتی من عاشقم بڕوا مەکە

حەمە ڕەشی هەرەس
hemereshid@hotmail.com

(ئەم وتارە لە ئاڕشێفەوە سەرچاوەی گرتووە. ساڵی 1997 بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە, لە هۆڵی شارەوانی شاری کیچنەری, ئۆنتاریوی _ کانادا خویندراوەتەوە)

کوردوستان تۆ ئەو دایکەیت, زۆر جوانی لەلام, زۆر خانومانی, باوەشی تۆ لە هەموو باوەشێك بەسۆزتر ئەزانم, ئەو بۆن و بەرامەیەی لە تۆوە دێت لە بەهەشتیشا ئەو بۆنە خۆشە نیە, ئەو ئارامەی لە کۆشی تۆدا ئەمگرێت, هەموو ئارامێکیتر لە هەر کۆشێکیتردا بە ماخۆلان ئەزانم, بۆیە ئێستا ماخۆلانمە و جێ بەخۆم ناگرم و دەڵێی ئەو ماسییەم لە ئاو دەرهاتووم و کەوتوومەتە سەر لمی گەرم. کوردوستان تۆ ئەو دایکەیت و نازێکی وەهات داومەتێ دوای تۆ چوومەتە هەر شوێنێك , هەر خاکێك, با لەو پەڕی ئاوەدانی و پێشکەوتنیشا بووبێت, من خۆم بە لانەواز و نامۆ زانیوە. جا با دایکی هەمووکەس لە دایکی من جوانتربێت, شۆخ و شەنگ و ناسکتربێت, با ڤینۆس و مۆسیقا بێت, با مریەمی عەزرا بێت, با زولەیخای یوسف بێت, ئامینەی کچی وەهەب بێت, خەدیجەی کچی خوەیلد بێت, هەرکەسێك بێت, من هەر دایکی خۆمم گەرەکە ئەگەر چی رەشوڕووت بێت, نەناسراو بێت, خلتانی خوێن بێت, خەفەتبارو کۆستکەوتوو بێت. با دایکی خەڵك خاوەن ئاڵابێت, من هەر دایکی خۆمم گەرەکە با بێ ئاڵاش بێت.
هەڵەبجە تۆ ئەو بووکەیت لە کەژاوەی شارەزووردا کوردوستانت رازاندووەتەوە, هەموو نەورۆزێ زەماوەندی تۆیە شنروێ و سوورێن و باڵانبۆ و ئەو چیا سەرکەشانە بەرگی رەنگاوڕەنگت بۆ دەپۆشن و لە گەڵ شنەی شەماڵی بەهاردا بۆ تۆی ئەچنن تارای رەنگ پەمەیی.

هەڵەبجە تۆ نازداری ئەو دایکەیت و کچە شۆخەکەی کوردوستانی.
لە نەورۆزی (88) دا تۆ بووی بە خاتوزین و چاوی نازت دەبڕییە هەرکەسێك کاکەمەم نەبوو, هەموو ئەیانووت: ئێمە عاشقین, کەچی لەسەر سینەیان نیشانەی زەخمی مارانگاز نەبوو. نەك مارانگاز نەبوون, بەڵکو دەستیان لە ملی مار ئەکرد چونکە ئاخوونەکان ئیجازەی مار و دووپشکیان دابوونێ و کەژاوەکەیان پڕکردیت لە کوڵەوەیباب و رەشمار و تیرەمار.
( دەی رەبی مووی لێبێ زمانی, پەنجەکانی هەڵوەرێ, هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ).
لە بڵندگۆی دوژمن و رادیۆ و تەلەفزیۆنی یابەوە ئەوترا: ئەوەی لەشکری دوژمن بۆ سەر خاکمان بهێنێ, مافی بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکمان ئەداتێ.
کورە قورمساغ کەی خاکی تۆیە, ئاخر تۆ و شارەزوور کوجا مەرحەبا ! ؟؟ هەڵەبجەو عەنەب و بامۆك عارەب ناناسن و یابەی معێدیش لەوێ نەترەکیوە.
ئەرێ یابە تۆ زەردەشت ئەناسیت؟! باوباپیرتان لە ئاتەشگەدەکەی هانەگەرمەڵە و تەویڵەدا نوێژیان بۆ ئەهرامزدا کردووەو نەفرەت لە ئەهریمەن بکەن؟! یان خۆتان ئەهریمەنبوون ؟؟ ئای وەچەو رەگەزی ئەهریمەن زەردەشت ئەمەندە رەسەنە ئەم بێکەسییەشی خوام دێنێتە بیر.
کەی خاکی تۆیە؟ ئەگەر زۆڵی خۆماڵی دەرگاتان بۆ نەکاتەوە, چۆن پەی بە ماڵی من ئەبەیت و بست بە بستی شارەزا ئەبیت و بە خاکی خۆتی ئەزانیت؟؟
ئەوەی جۆگەی رەسەنێتی بباتەوە سەر کانییەکەی زەردەشت, چاو شۆڕناکات و دز و دوژمن بەماڵی خۆی فێرناکات.
(دز و خاوەن ماڵ یەککەون, گا بە کلاۆڕۆژنەدا سەرئەخەن) کە کورد خۆی بە خاوەنی خاکی باو و باپیری خوی نەزانی و لەتەك دوژمنا ریککەوت .... وای لەو کارەساتە وای لەو سەرشۆڕییە.

(ئەوەی جارێکی خەڵەتاندم خوا بیگرێت, سەری دووەمجار خوا خۆم بگرێت) ئەی سەری سییەم و دەیەم و هەزارجارەم؟
( هەرکەس دانا بێت, دا نابێت) دانا نین بۆیە داماوین, داڕزاو و بەشخوراوین.
ئەرێ یابە رێگامدەدەیت لە ماڵی خۆما میوانبم؟!!! مەترسە ئەی رەقیبی تێدا ناڵێم و خوا نەخواستە ئاڵایشی تێدا بەرزناکەمەوە.
کە لەماڵی خۆتا, خۆت بە میوان زانی ئیتر جیاوازی نییە بۆ تۆ خانەخوێکەت یابە بێت یان ریش کلکەسەگ یان قارداش بێت.
رۆژنامەگەرێکی سویدی لە گەشتنامەکەیدا بۆ هەڵبجە ئەڵێت : ئیمە لەوێ هەمە زمان رۆژنامەگەربووین, یەکێك لە ئێمە تورکبوو, بە ناو خەڵکی هەڵەبجەدا ئەگەڕا بۆ یەکێك تورکی بزانێت, لەم و لەوی ئەپرسی : تورکی ئەزانیت؟؟ ئەوانیش دەیانگووت : ئێمە کوردین تورکنین.

ئا لەو کاتەداو کە ئەو کۆستە کەورەیەشیان لێکەوتبوو. منیش دەڵێم : ئەگەر ئێمە خاوەنی ئەم چاوشارکێیەبین, پەلەمان نەبێت هەر کورد نەبێت هەموو رەگەزێکین. ئای لەم نەگبەتییە ! !

( ئاغا خاهیش میکونەم بفەرمە بفەرمە) ئەوا لەسەر شەرافەتی هاتنتان ناوی شنروێمان گۆڕی بۆ ناوی ئیمام مەهدی! ! ئێوە کاکە مەمی ئەمرۆن و خاتوزینی بووکی شارەزورتان لێپیرۆزبێت.

( ئەمرۆ کوردوستان لە بەینی تورك و فارس و عەرەب بێچووە تەیرێکە کەوتۆتە داوی منالآنەوە)

منالبووم کە ئەم هەڵبەستەم خوێندەوە هەرچی داو و دارلاستیك و کەرەسەی ئازاردانی باڵندەم هەبوو هەموویم تووڕداو بڕیای بڕ ئازاری باڵندەم نەدا. کەچی خالۆ منالێش نییەو لە سەر داوی دوژمن, دان بۆ رۆڵەی نەتەوەو خاکەکەیان رۆدەکەن.

خاك و ولآت و بیروباوەڕو فەلسەفە و تاکتیك و ستراتیژ هەمووی فشەیە, هیچی بەو مژدە خۆشە نابێت کە بەڕێوەبەری بانکی هەڵەبجە مژدەی داوینەتێ بانکەکەی پڕە لە پارە. کەچی ژمارەی دینارەکانی نەگەیشتە ژمارەی هەناسە گیراوەکانی ئەو شارە خێرنەدیوە.

ئەرێ برا ئەوە ئێوە چیئەکەن؟؟ ! !(ئێوە ئەزانن ئەمە بەزینەو ئەیکەن بەسەرماناو شقارتەش ئەدەنە دەست دوژمن ؟؟)... کاکە, برا, خاڵە, مامە ئەمە کاری کردە نییە. چاوساغی بۆ دوژمن مەکەن, جیاوازی نێوان یابەو ریش کلکەسەگ ئەبێت چیبێت؟

ئەی هەڵەبجە, چونکە لە باوەشی پرسۆزی تۆدا لە دایکبوومو هاتمە دنیاوە, ئەبێت شینەکەی من بۆ تۆ جیاوازبێت. هۆۆۆۆۆۆ گەڕەکی تەکێ تەکێ ئەمەتام لەبیرم نەکردوویت, من نەتەوەییم و هەموو کوردوستان دایکی منە. بەلآم ئەگەر هاتمەوە, ناوچەی شارەزوورم نەدی, وائەزانم هەموو کوردوستان نەماوە, ئەگەر لەوێش هەڵەبجەم نەدی وا ئەزانم هەموو دنیا نەماوە, لەهەلەبجەش گەڕەکی تەکێ و ئەو ماڵەم نەدی کە تێیدا هاتمە ژیانەوە, وا ئەزانم هەموو دنیاو کوردوستان و خۆیشم نەماوم و کوتایی ژیانە.

خۆشەویستی من بۆ خاك و نەتەوەکەم لەو ژوورەوە سەرچاوەی گرتووە, کە دایکم پێی ووتم : تو لەو ژوورەدا لە دایك بوویت, ئەیووت ئەوە ماڵی ئەحمەد موختار جافە وا خوارمانەوە, برای تاهیر بەگی جافەو هەردووکیان دوو شاعیری گەورەی کوردبوون. هەڵەبجە مەولەوی و گۆرانی گۆشکردووە, هەڵەبجە سەرچاوەی بوێژان و زمانی پاراوی کوردییە, هەڵەبجە گەنجینەی کەلەپوورو رەسەنێتی کوردوستانە,....سلآو لە دیداری ,سلآو لە هۆرەی جافی و سیاچەمانە و کناچەی هەورامانی. سلآو لەو گڵە پیرۆزەی لە شوێنەواری ئاتەشگەدەکەی زەردەشتەوە ئەهات و زەوی ژوورەکانی پێ تەڕاوئەدرا, ئەو گڵەی بۆن و بەرامەی موغەکانی ئەهێنایەوەو هەستمان بە بوونی خۆمان ئەکرد و نەژادمانی نزیکدەخستەوە لێمان. هەستمان بەو پەیوەندییە بەتینە دەکرد کە بەو گڵ و خاکەوەی گرێداوین و ئاوێتەی یەکتریبوون.

ساڵی(**1988**)ەپێچ رۆژی ماوە بۆ نەورۆز, چیاو پێدەشتەکانی شارەزوور پۆپەشمینی رەنگاورەنگیان بۆ جێخەوی هەڵەبجەی بووکی کوردوستان رازاندوتەوە.... کاتژمێر یانزەو بیست و پینج چرکەیە.....هاتن وەچەکانی ئەهریمەن .....هاتن هەر وەك چۆن لە پێشدا بەشیر قەسابکاری رۆڵەکانی زەردەشتیان کردو ئاگرەکیان کوژاندینەوە........

(( ئاگران کژان هورمزگان رمان

ویشیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

گشت کار ئارەب کردنە خاپوور

کنای پاڵەیی هەتا شارەزوور

ژن کنێکیان بە دیل هەوێنا

مێرد ئازا تلا وە رووی خوێنا

ئاینا زەردەشت مانەوە بێکەس

بزیکا نیکا زەردەشت وە هیچ کەس))

ئەم جارەش بە حوشتری باڵدارەوە هاتن, لە جیاتی پۆپەشمینی رەنگاورەنگ, پەتوویەکی خۆڵەمێشیان دا بەسەر تەرمی ئەو بووکە نازدارەداو لە ناو تەپوتۆزی گازی کوشندەی خەردەل و سیانیدا وەریانداو دوای دەپانزە چرکە هەزارەها هەناسە گیرا,ئەو هەموو دڵەی سەرگەرمی بەهاری شارەزووربوون لە لێدان خرا, ئەو هەموو منالە ئیسك سووکانە ویژدان ئەیووت :نا نا نابێ بمرن. مێژوو ئەیووت : چۆنیان تۆمارکەم, تەنانەت خوای شەرپیش ئەیووت: من پەیم بە کارەساتی وا نەبردووە ئەو رۆڵانەی ئەمەیان ئەنجامدا لە وەچەی شەیتانێکن لە ئاوێستاو ئینجیل و تەوراتا ناویان نەهاتووە . دەمن ئێستا یەخەی کێبگرم؟ بەرۆکی کێ راتەکێنم؟ چ ویژدانێك بهەژێنم؟ ئیزدان ..پەیامبەران , زەردەشت , مووسا , ئاسمان , دار, بەرد....شەرتە تا ماوم هەرهەموو کارەساتێکی وەچەی ئەو رۆڵانەی لە سەرەنوێلك و گوفەکی کوردایەتیدا فڕێدراون, نوێبکەمەوەو بیخەمە ناو کولاوکولیەوەو نەیەلم لە یادی هیچ ئابڕوومەندێکا کالبێتەوە.

گیانی هەزارەها خێرنەدیوی هەڵەبجە بە کوردایەتی درۆ نرخەکەی لە دوژمن ناسەندرێتەوە..... ئەو گیانانە پاکی و راستی هەوێنی تیاگرتوون, چوونەتە ناو سەنگەری کوردایەتی راستەقینەوە.

ئەو سەنگەرە کام سەنگەرەیە ؟؟

ئەو سەنگەرە, ئەو سەنگەرەیە گەر هەردوو چاوم کویرکەن, هەردوو گوێیشم کەر و کاسکەن , وەك باوەشی گەرمی دایکم بۆنی راستی لێوە دێت و ئابەو بۆنە ئەیناسمەوە.